# سەرۆکی ئەڵمانیای فیدراڵ Horst Kühler ستایشی ڕۆڵی (دوکان ئێر –Dokan Air و ڕێکخراوی پردی ئاسمانی عیراق)ی کرد لەبەرامبەر کارە خزمەتگوزاریەکانیاندا

*دکتۆرMirza H.Dinnayi: لەگەڵ سەرۆکی ئەڵمانیادا باسی ڕۆڵی نەوزاد دزەیی خاوەنی کۆمپانیای (دوکان ئێر)مان کرد سەبارەت بەو کۆمەک و هاوکاریەی کە لەچارەسەری منداڵانی نەخۆش و برینداردا کردویەتی و بەڕێزی ستایشی ئەو هاوکاریەی کرد..بۆ زانیاری زیاتر هاوڕێمان بن لە خوێندنەوەی ئەم ڕیپۆرتاژەدا:



سەرۆکی ئەڵمانیاو نەوزاد دزەیی (کۆمپانیای دوکان ئێر)



هورست کولر سەرۆکی ئەڵمانیای فیدراڵ

بە ئامادەبوونی(هورست کولر) سەرۆکی ئەڵمانیای فیدراڵ و خێزانەکەیی و وەزیری داد، شاری ئۆسنەبروکی باکوری ئەڵمانیا ڕۆژی ٣/١٨ لەچوارچێوەی چالاکیەکانی بەرزڕاگرتنی یادی ٣٦٦ ساڵەی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی دا چەندین چالاکیان بەڕیوە برد .. لە مەراسیمەکەدا و بەتایبەتی لە ناوەندی میدیای ئەوشارەو بە دەست پێشخەری ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئۆسنە بروک و بە بەشداری کەسایەتیە ناودارەکانی شارەکەو دەوروبەری و کەسانی ئەکادیمی و نوسەران و نێوەندی پەرەوەردەیی و ئیداری و ڕوناکبیری و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە چالاکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لەناویاندا خێرخواز د.میرزا دینەیی کەسایەتی کوردو سەرۆکی ڕێکخراوی (پردی ئاسمانی عیراق کە بە( Luft Brücke Irak ) ناسراوە ئامادەبوون و لەسەر بانگهێشتی ئەو ڕێکخراوەو ڕۆژنامەی Osnabrücker Zeitung و ڕۆژنامەنووس Michael Clasen، نەوزاد دزەیی خاوەنی کۆمپانیای دوکان ئێر بۆ گەشتی ئاسمانی نێوان میونشن – سلێمانی کە ڕۆژی ٣/١٥ بەیاوەری د. میرزا (٣) کەسی بریندارو پەک کەوتەی لە فرۆکەخانەی نیودەوڵەتی سلێمانیەوە گەیاندە ئەڵمانیا بۆ چارەسەرو(ڕۆژنامەنووس شەهاب عوسمان) بانگهێشتکرابوون وئامادەی ئەو کۆنفرەنسە بوون.

* لە وتەیەکدا سەرۆکی ئەڵمانیا(هورست کوهلر) خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە میواندارێتی چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی ئەوشارەی کردووە لە خوانی نیوەڕۆداو لە نزیکەوە گوێبیستی بیروڕایان بووەو کارە مرۆڤانەکانیانی هەڵسەنگاندووە..سەرۆکی ئەڵمانیا لە میانەی کاری خزمەتگوزاری و بەهاجوانەکانی ئەو بیرکردنەوانەدا وتی ئەوە کاری حکومەتە کە میوانداری ٢٥٠٠ عیراقی دەکات و لە ئەڵمانیا وەردەگیرێن بەچاوپشین لەو ڕێژەیە جوانترین شت بیرکردنەوەو کاری هاوبەشی خزمەتگوزاری و ئینسانی ڕێکخراوە ڕەدیفەکان و ئە کۆمپانیایانەیە کە توانیویانە بەهاوکاری ئەو ڕێکخراوانە منداڵان بێنن بۆ چارەسەر..

<u>*لەم بارەیەوە دکتۆر میرزا ڕایگەیاند کە پێش دەستپێکردنی کۆنفرەنسەکە سەرۆکی ئەڵمانیا لەگەڵ دەستەیەک لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و کەسایەتی ئەم ناوچەیەدا کۆبووەوە .. وتی من وەک کوردێک کە سەرۆکی ڕێکخراوی ( Luft Brücke Irak ) و تا ئێستا بە هاوکاری و دەستپێشخەری شەخسی نەوزاد</u>

دزەیی زیاتر لە ١٨ منالّمان بۆ چارەسەر هێناوەتە ئەڵمانیاو دواترینیان ئەو (٣)کەسە بوون کەلەگەڵ یەکەمین گەشتی (دوکان ئێر)دا هێنامانن ..لە دیدارەکەدا باسی ڕێکخراوەکەو ڕەوشی منداڵانی عیراق و کوردستان و هاوکاری دوکان ئێرو خاوەنەکەی (نەوزاد دزەیی) م بۆ سەرۆک کرد لەبەرامبەردا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و ستایشی ڕۆڵی ڕێکخراوەکەمان و ئەو هاوکاریەی کرد کە بۆهێنانی منداڵەکان پێشکەشیان کردوە.



دکتۆر میرزا علی و سەرۆکی ئەڵمانیا















